# گفتوگۆی رۆژنامەی *رۆژنامە* لەگەڵ بورهان أ. یاسین، بە دوو بەش لە رۆژانی ١/٥ و ١/٦ی ٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

*رۆژنامە:* لەم دواییەدا چەند پرۆژەیەك پێشكەش كران بۆ چاكسازی لە هەرێمی كوردستان وەك پرۆژەكانی ( كاك نەوشیروان، مام جەلال، ٤ حزبەكە). راستە ئەم نەریتە هەنگاوێكی باشە كە لە هەرێم دەربكەوێت، بەلاّم تا چەند دەتوانرێت سودیان هەبێت و گۆرانكاری بكەن؟

**ب. یاسین: بەر لە هەر شتێك باسكردن لە چاكسازی و گۆڕانكاری لە ئەزموونی باشووری كوردستاندا شتێكی تازە نیە وە دەتوانین بڵێین باسكردن لە شێوەی خەملاّندنی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری كوردستان و خواستی بەردەوام بۆ چاكسازی لەم دەسەڵاتەدا هەر لە رۆژی سەرهەڵدان و دەستپێكردنی ئەم ئەزموونە (لە ١٩٩١ – ١٩٩٢) لەسەر پێ بووە. لە راستیدا دەكرێ، هەر لە سەرەتای دەستپێكردنی ئەزموونی باشووری كوردستانەوە، باس لە دەهان هەوڵی دڵسۆزانەی نووسەران و رەوشەنبیرانی كورد بۆ چاكسازی و بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێكی تەندروست بكرێت. لە راستیدا بەشێك لەو بیروبۆچوونانەی كە ئەو كاتە بڵاوكراونەتەوە، وە دەسەڵاتدارانی باشووری كوردستان زۆر بە چاكی لێیان ئاگادار بوون، ئێستاش بەهای فكری و سیاسی خۆیان لە دەست نەداوە.**

**كەواتە بەر لە هەموو شتێك، وە بە جختكردنیشەوە، چاكسازی و گۆڕانكاری پێویستی بە هەنگاو و بەرجەستەكردنی بیر و بۆچوونی چاكسازین، نەك تەنها بە بەردەوامی قسەكردن دەربارەی چاكسازی، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێك بهاویژرێت. بەهەر حاڵ**

ئـــەوەی تێبینـــی دەکـــرێ ئەوەیـــە کـــە ئـــەو هـــەموو هەوڵانـــە وەکـــوو چـــەند دورگەیـــەك لـــە یـــەکتر دابـــڕاون وە لـــەوەش خـــەراپتر زۆر جـــار کـــە لایـــەنێك یـــا کەســـایەتیەك یـــا چـــەند لایـــەنێکی سیاســـی بـــاس لـــە چلاکســـازی دەکـــەن ئـــەوها باســـەکە دەکـــەن وەکـــوو ئـــەوەی نـــە کـــەس وە نـــە لایـــەنی تـــر باســـی لـــەو چاکسازیانە کردبـــێ. ئـــەم حاڵەتـــەش هێمـــا و دەربـــڕە بـــۆ شـــتێکی زور ترســـناك ئـــەویش ئەوەیـــە کـــە لـــە پانتـــایی کوردەواریـــدا بـــە گشـــتی وە لـــە زهنیـــەتی زۆربـــەی حزبـــە سیاســـەکانی کوردســـتان دیـــاردەو کولتـــوری یەکترخوێندنـــەوە نـــەك هـــەر لاوازە بـــەڵکو زۆر جـــار وا هەســـتدەکرێت کـــە لـــە پشـــتی هەوڵـــەکان نـــەك هـــەر نەخوێندنـــەوەی یـــەکتر بـــەڵکو بگـــرە ئینکـــارکردنی یـــەکتر و بـــە هەنـــد هەڵنـــەگرتنی هـــەوڵی ئـــەویتر (کـــەس یـــا لایـــەن) بەدیـــدەکرێت. ئـــاخر ئـــەوەتا رەوتـــی رەگ لەبـــەر ئـــەوەی داوای چاکســـازی و گۆڕانکـــاری لـــە حـــزب و دەســـەڵات دەکـــات، هەڵســـورێنەرانی رەگ ســـزای حزبـــی دەدرێـــن لـــە بـــڕی دەستخۆشـــیلێکردنیان. لـــە لایـــەکی تـــرەوە، مـــام جـــەلال خـــۆی لـــە ســـەری لوتکـــەی ئـــەو حـــزب و دەســـەڵاتە دەبێنبێتـــەوە کـــە ســـزا بـــۆ (رەگ)ی چاکســـازخواز دەردەکـــات کەچـــی ئـــەوەتا خـــۆی هـــاتوە بـــەبێ خوێندنـــەوە (حســـێبکردن)ی رەگ و چاکســـازخوازانی تـــر پڕۆژەیـــەکی تـــری چاکســـازی دەخاتـــە ڕوو. نموونەیـــەکی تـــر (لـــەو شـــێوە هەڵوێســـتە) گرنگینەدانـــە بـــە پـــڕۆژەی چاکســـازی چـــوار حزبەکـــە کـــە دەمێکـــی زۆرە پێشـــکەش بـــە دەســـەڵاتی سیاســـی و دوو حزبـــە ســـەرەکیەکە کـــراوە، کەچـــی لـــەو هـــەموو ماوەیـــەدا ئـــەو پڕۆژەیە بەبێ وەڵام ماوەتەوە.

ئـــەم پڕۆژانـــە لەبـــەر ئـــەوەی لـــە لایـــەن و کەســـی جیاجیـــا دەرچـــوون نـــاکرێ جیـــاوازی لـــە نێوانیانـــدا نـــەبینین. بـــەڵام لەگـــەڵ بیـــنین و خوێندنـــەوەی جیاوازیـــەکانیش لـــە نێـــوان ئـــەم پڕۆژانـــەدا، ئـــەو شـــتانەی کـــە هاوبەشـــەن زێـــترن، وەکـــو دەستنیشـــانکردنی گرفـــت و کێماسیەکان وە چمکەکانی چاکسازی و خاڵەکانی لێوەدەرچوونی گۆڕانکاری.

لـــە ڕوشـــنایی ئـــەوەی ســـەرەوە ئەگـــەر هێـــز و لایەنـــەکان (ئەوانـــەی لـــە نـــاو دەســـەڵات و ئەوانـــەی لـــە دەرەوەی دەســـەڵات) ئەگـــەر بخـــوازن هەوڵـــەکانی چاکســـازی و گۆڕانکـــاری ســـەرکەوتوو بـــن ئـــەوا پێویســـتیەکی حەیاتیـــە کـــە هـــەموو ئـــەو کـــەس و لایەنـــە

**چاكسازیخوازانە جاریّ بەر لە هەر شتێك یەكتر و هەوڵەكانی یەكتر بخوێننەوە. نەك هەر ئەوە بەڵكو تێكهەڵكێشكردنی هەوڵە بەرجەستە و جدیەكان لە ناو یەك خوێندنەوە و چوارچێوەدا مەسەلەیەكی گرنگە. ئەم هەڵوێست و نزیكبوونەوەیە هەندیّ گرنگی تایبەتی لەخۆدەگریّ: ١) خوێندنەوەی یەكتر نەریت و هەلچوەستەیەكە كە لە ناو كولتوری دیموكراتی جێگەی دەبێتەوە و بەرجەستە دەبێت؛ ٢) هەنگاوێكی ئەوها دەتوانیّ، جگە لە گرنگیە سیاسیەكەی، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێكی گرنگی خودی سەرخستنی هەنگاوە عەمەلیەكانی چاكسازی بێت.**

*رۆژنامە:* پرۆژەكەی كاك نەوشیروان بۆ رای گشتی بوو، پرۆژەكەی مام جەلال لە مەكتەبی سیاسی ی.ن.ك كاری لەسەر دەكرێت ئەوەی ٤ حزبەكە بۆ رای گشتی بوو پێشكەش بە حكەومەتیشكرا بەلاّم وەلاّمیان نەدراوەتەوە، ئایا ئەمە شێوازێكی دروستی پێشكەشكردنی پرۆژەی چاكسازی كردنە بۆ گۆرانی سیستمی بەرێوەبردن لە هەرێم، لە كاتێكدا ئەو هەموو گللەیی و كوموكوریە لە سیستمەكە هەیە.

**ب. یاسین:** **هەڵبەتە پرۆژەكەی مام جەلال، لەگەڵ تێبینیش لە سەر ناوەرۆك و ئەگەری جێبەجێنەبوونی تا پێچەوانەكەی، گرنگیەكی تایبەتی وەردەگریّ، لەبەر هۆیەكی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە كە لە هەموو كات و زەمانێكدا ئەنجامدانی چاكسازی فەراهەمنابێت ئەگەر توانا و دەسەڵاتێكی زۆر بە هێزی لە پشت نەبێت. ئەو وەكو سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانی و كلیل بەدەستێك لە پانتایی سیاسی باشووری كوردستان، دەرفەتێكی سەركەوتنی لەبەر دەستدا هەیە. لە لایەكی ترەوە نابیّ زێدەرۆیی بكەین لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵات و تواناكانی تاڵەبانی لەسەر مەیدانی باشووری كوردستان. ئەو دەسەڵاتە دواجار زۆر سنورداره لەسەر ئاستی تەواوی ئەو پانتاییە. چوونكە بۆ كەس شاردراوە نیە كە ئەمرۆ پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆكەكەی (مەسعود بارزانی) نەك هەر نیوەی دەسەڵاتی سیاسی لە باشوور پێكدەهێنن بەڵكو هەندێك زیاتریش لە نیوەی دەسەڵات. لە راستیدا پارادۆكس**

(موفارەقـە) ئەوەیـە کـە خـودی ئـەو تەرتیباتـە سیاسـیە کـە یـەکیێتی و پـارتی لەسـەری پێکهـاتوون (ئــەو تەرتیباتــەی کــە زیــاتر ســوڕانەوە و موئامەرەیــە لــە دیمۆکراســیەکی راسـتەقینە) رێگـرە لـە بـەردەم هـەر چاکسـازیەکی تەندروسـت و سـەرکەوتوو کـە بتـوانێ لایەنــە هــەرە گرنگــەکانی حــوکمڕانی سیاســی لــە باشــووری کوردســتان بگرێتــەوە. ئــەو تەرتیباتــەی (یــا راســتتر بڵــێین ئــەو هاوپەیمانیــە سیاســیە ناموقەدەســەی) کــە یــەکیێتی و پــارتی لەســەری پێکهــاتون لــە باشــترین حاڵەتــدا سیســتەمێکی "*حزبــوکراتی*" هێناوەتــە بەرهــەم کــە ئەمــەش ترســناکترین شــێوازی گەنــدەڵی سیاســیە و گــەورەترین کۆســپ و رێگرە لەبەردەم بەدیمۆکراسیکردنێکی راستەقینەی روانگەی سیاسی لە کوردستان.

## هاوپەیمانێتی پارتی و یەکیێتی ترسناکترین گەندەڵی سیاسیە

لـە ئـەزمونی وڵاتـان و میلـەتانی تـردا لـە چاکسـازی سیاسـیدا شـێوازی جیاجیـا گیراوەتـە بـەر. چاکسـازی دەکـرێ بـە تـەنیا حزبێـك، دامەزراوەیـەك وەیـا کـەرتێك لـە کەرتـەکانی کۆمــەڵگا یــا دەســەڵاتی سیاســی بگرێتــەوە. بــەڵام ئــەزموونی باشــووری کوردســتان لــە زۆر ئــەزموونی تــری وڵاتــانی جیهــان جیایــە؛ لــە راســتیدا بــە مانایــەك لــە ماناکــان ئــەزموونی باشــووری کوردســتان دەتــوانێ تــاکیش بێــت. تــەنها ئــەزمونێك کــە لــە رۆژهــەڵاتی ناوەڕاسـتدا کـە زۆر لـە هـی باشـووری کوردسـتان دەچـێت ئـەزموونی دەسـەڵاتی نیشـتمانی فەلســتینیە، واتــە مەبەســت ئــەزموونی دەســەڵاتی سیاســی فەلســتینیەکانە لــە دوای رێکــەووتنی ئۆســلۆ. لــەو دوو ئەزموونــەدا چــوار پرۆســەی گــرنگ، و بــە تونــدی و بــە ئاڵۆزیــەکی زۆرەوە، تێکــەڵاو بەیــەکتر بوونــە: ١) پرۆســەی ئافرانــدنی کۆمەڵگەیــەکی سیاســی لەســەر بنــەمای پەرلــەمانتاریزم و نــەریت و میکانیزمــە دیمۆکراســیەکان و ریزگـرتن لـە مـافی مـرۆڤ. . . هتـد. بـە مانایـەکی تـر وە زۆر بـە کـورتی بەرجەسـتەکردنی سیســتەمی دیمۆکراســی؛ ٢) داهێنــان و و بەرجەســتەکردنی کۆمــەڵگای بەدامــەزراوکراو، واتـە خەمڵانـدنی دەوڵـەت لـە بنـەما هـەرە سـەرەکەکانیەوە تـا دەگاتـە میکانیزمـە هـەرە ئاڵۆزەکـانی کۆمـەڵگای بـەدامزراوکراو؛ ٣) لـە هـەردوو حاڵـەتی کـورد و فەلسـتینیەکاندا نـەك هێشـتان ئـازادی تـەواو بـە دەسـت نـەهاتوە بـەڵکو لـە هـەردوو حاڵەتـدا، بـە هەنـدێك

جیاوازییەوە، کێشەی خاکی داگیرکرا و کۆمەڵێك کێشەی ستراتیژی هێشتان، لە باشترین حاڵەتدا، چاوەڕوانی چارەسەری دەکەن، لەوانە بۆ نموونە کێشەی دەستنیشانکردنی سنوور؛ ٤) کێشە و ململانێ و گرژییەکانی ناو ماڵی سیاسی—نیشتمانی لە هەردوو حاڵەتی کوردی و فەلستینیدا، بە کەمێ جیاوازی مەقتەعییەوە، بە رەنگدانەوە لەسەر شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتی دەسەڵاتی سیاسی وە بە گشتی هەڵوەستە لە هەرسێ خاڵی یەکەم و دووەم و سێهەمدا تێبینیدەکرێت.

لە ئەو چوار خاڵ (یا راستتر بڵێین چوار رەهەندەی روانگە و پێشوەچوونی سیاسی)یەی سەرەوە لە لایەکەوە ئاڵۆزی پانتایی سیاسی وە لەوێشدا کێشە و گرفتەکانمان بۆ دەردەخەن وە لە لایەکی تریشەوە پانتایی و ئاڵۆزی سیاسەتەکانی چاکسازیمان پێدەناسێن. ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە کێشەکان لە لایەك وە چارەسەرەکان لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاو بە یەکتر دەبن. بەم مانایە هەر هەوڵێکی چاکسازی و گۆڕانکاری کە دەخوازدێت سەرتانسەری بێت وە وەڵامدەرەوەی پرسە مێژوویی و سیاسیە هەنووکەییەکان وە دواڕۆژێکی باشتر بێت بۆ نەتەوە دبێ چوارچێوەیەکی هەرە فراوانی نیشتمانی هەبێت وە لە هەمان کاتدا چارەسەر بێت بۆ کێشە پەیوەندیدارەکان. واتە دەبێ چوارچێوەی هەر چوار رەهەندەکەی سەرەوە لەبەرچاو بگیرێن.

*رۆژنامە:* لە وڵاتانی دەرەوە پرۆژەی لەو شێوەیە چۆن کاری لەسەر دەکرێت؟

**ب. یاسین:** لە راستیدا جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان وڵاتانی بە سیستەم نادیمۆکراسی لە لایەك وە وڵاتانی بە سیستەم دیمۆکراسی لە لایەکی ترەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا پرۆژەی چاکسازی و گۆڕانکاری هی هەڵبژاردە (نخبە)یە یا راستتر بڵێین هی تاکە سەرکردەیە (واتە ئەوەی پێیدەبێژن چاکسازی لە سەرەوەڕا). ئەمانەش نمونەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرن؛ وەك ئەتاتورك، رەزا شا و جەمال عەبدولناسر. . .هتد.

بـەڵام لـە حاڵـەتی دوەمـدا لـە سیسـتەمی دیمۆکراسـیدا پرۆسـەکە تـەواو جیـاوازە. ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە کـە هەرچـەندە میکانیزمـەکان زۆرن لـە حاڵـەتی سیسـتەمی دیمۆکراسـیدا، بـەڵام هـەرگیز شـتێکی سـەرەکی لـە حاڵـەتی گۆڕانکـاری لـە سیسـتەمە دیمۆکراسـیەکان ئەوەیـە کـە رای گشـتی بـە چـالاکی، بـەبێ ئـەوەی مـەجبوور کرابێـت، چـالاکانە بەشـداری لـە پرۆسـەی گۆڕانکاریـدا دەکـات. هەڵبەتـە مـەرجێکی گرنگـی ئـەو بەشـداریەش ئەوەیـە کــە میدیایــەکی تــەواو ئــازاد و بــەبێ مــەرج بەشــداریکردنە لــە ژیــانی سیاســی و گۆڕانکاریەکانـدا، هـەر لـە بەرهـەوەهێنانی چوارچـێوە فکریەکـەی گۆڕانکـاری، تـا پـرۆژە، تـا پلانـدانان بـۆ گـۆڕان وە تـا دەگاتـە خـودی گۆڕانکـاری لـە ئاسـتی هـەرە بەرجەسـتەبوون و عەمەلیـدا. لـە راسـتیدا زۆرجـار بـۆ چاکسـازی لـە بوارێکـدا مەسـەلەی دەستنیشـانکردنی کێشـەکان وە گەڵاڵـەکردنی چوارچـێوەی چاکسـازی وەکـو ئـەرك بـە لیژنەیـەکی پسـپۆڕی بێلایـەن دەسـپێردرێت وە دواتـر ئـەو راپۆرتـەی کـە ئـەو کۆمیتـە پسـپۆریە ئامادەیـدەکات دەکەوێتـە بـە بـاس و لێکۆڵینـەوەی رای گشـتی و هـەمان راپـۆرت رێگـە خـۆی دەگرێـت لـە پرۆسـەیەکی سیاسـی– پەرلەمانیـدا. بـەڵام لـە هـەموو حاڵەتێکـدا گرنگـە کـە حزبـی (یـا حزبــەکانی) دەســەڵاتدار وە ئۆپۆزیســیۆن بــە شــێوەیەکی ئۆرگــانیکی تێکــەڵاوی ئــەو پرۆسەیە بن.

## زۆرجار بۆ چاکسازی لە بوارێکدا مەسەلەی دەستنیشانکردنی کێشەکان وە گەڵاڵەکردنی چوارچێوەی چاکسازی وەکو ئەرك بە لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن دەسپێردرێت

*رۆژنامـە:* بـەرای جـەنابتان ئـەم پرۆژانـە بـەم شـێوەیەی کـە خراونەتـە روو بـۆ بانگەشـەکردنە یـان بەراستی هەوڵە بۆ گۆڕانکاری؟

**ب. یاسـین:** **وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە کـارێکی ئەسـتەمە. لـە لایـەکی تـرەوە، لـە راسـتیدا بـەراوردکردنی ئـەو دەقانـەی (وەکـو دەق) بـاس لـە چاکسـازیدەکەن کـارێکی زەحمـەت نیـە،**

**هەڵبەتە جختدەکەمەوە تەنها وەکوو دەق، بەبێ لەحسێبگرتنی ئەو لایەن یا کەسەی دەقەکەی پێشکێشکردە. بەڵام ئەوەی کە زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە ئەوەیە کە تۆ تیشکێکی سۆسیۆلۆژیانە بخەیتە سەر ئەم و دەق و هەوڵانەی چاکسازی کە تا ئێستا کراون هەر لە سەرهەڵدانی ئەزمونی باشووری کوردستان لە ۱۹۹۱-۱۹۹۲ تا ئێستا، واتە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی ئەو کەس و لایەنانە بکەیت کە پرۆژەکان پێشکێشدەکەن.. بە هەر حاڵ چاکترە ئەوە لێکۆڵینەوە و باسی تێزێکی ماستەر یا دکتورا بێت. . .**

**قسەو دەقی چاکسازی زۆرن بەڵام ئەوەی کە نیە یا بوونی زۆر لاوازە ئەوەیە کە ئێمە کەسی چاکسازی خاوەن دەسەڵاتمان کەمە؛ چاکخوازەکان یا بێدەسەڵاتن یا کەم دەسەڵاتن، خاوەن دەسەڵاتیش زۆر پێویستی بە چاکسازی نیە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە من گومان دەکەم کە ئەو عەقڵیەتەی سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەی کوردستان بێت، هەر هەمان عەقڵیەت سەرچاوەی چاکسازی بێت. ئاخر هەر ئەو بۆچوون (یا گومانەیە) وایکردوە کە خەڵکی کوردستان خاوەن رادەیەکی متمانەی هەرە نزمە بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی کوردستان. هەر ئێرەش دەرفەتە ئەوە بڵێم کە ئەو نەبوونی متمانەیە ئەمرۆ بۆتە کێشەیەکی زۆر جدی نەوەك هەر لە بابەتی چاکسازیدا بەڵکو بۆ تەواوی پەیوەندیەکانی تاکی کورد نەك هەر بە دەسەڵاتی سیاسیەوە بەڵکو بە تەواوی وابەستەبوون و خۆگرێدانی بە مەفهوومی نەتەوە و نەتەوەبوون و ئەو دەسەڵاتەی کە دواجار پێویستە وەك بەرجەستەبوونی خەونێکی ئەو تاکەو باو باپیرانی بێت؛ لە راستیدا بەرجەستەبوونی نەتەوە بێت لە مانا و مەغزا هەرە سیاسەکانیدا.**

*رۆژنامە:* دەکرێت رۆڵی پەرلەمان چی بێت لەم کاتەدا؟ ئەگەر بیەوێت یەکێك لەو پرۆژانە بکاتە یاسا ئایا دەتوانێت، لەم بارودۆخەدا یەکێکیان دەستنیشان بکات، پێت وانیە گەر بیەوێت ئەوە بکات ئەوا دەبێت هەرسێ کیان بکاتە یاسا چونکە لایەنەکەی دی عاجز ئەبێ.

ب. یاسین: جارێ بەر لە هەر شتێك من خۆشبیننیم بەوەی کە ئەو پەرلەمانەی کە هەیە بتوانێت پرۆژەیەکی هەرە فراوان، کە هەموو ئاست و ئەرکە سیاسیە گرنگەکان بگرێتەوە، ئەنجامبدات. نەك هەر خەڵك بە گشتی بەڵکو بەرپرسە کوردەکانیش، بە تایبەتی ئەوانی لە بەغدا دەستبەکارن، ئەوە باش دەزان کە لەگەڵ بوونی زۆر کۆسپ و گرژی و گرفتیش ئەوجا پەرلەمانەکەی بەغدا لە پەربەمانەکەی هەولێر "پەرلەمانترە"، لەگەڵ ئەوەشی کە پەرلەمانی کوردستان (هەر نەبێ بە ناو) ئەوە ١٧ ساڵە هەیە بەڵام تەمەنی پەرلەمانی بەغدا بە زۆر کێشەشە و گرفتەوە تەمەنی چەند ساڵێکی "کورتە". پەرلەمانی کوردستان ئیفلیجە و دەربڕی ئەو سترەکتورە حزبۆکراتیەیە کە پارتی و یەکێتی بەرهەمیانهێناوە و رۆڵی سیاسیشی لە هی زۆرێك لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەفریقیاش کەمترە.

## پەرلەمانی کوردستان ئیفلیجە و دەربڕی سترەکتوری حزبۆکراتیە

بەشەکەی تر لە پرسیارەکەت ئەگەرە (فەرەزیەیە)، ئایا پەرلەمان پرۆژەیەك لەوانەی کە دراون هەڵدەبژێرێ، ئەوە ئەسلەن ئەگەر هیچ یەکێکیان هەڵبژێرێ، یا چی دەکات. بە پێی ئەو بنەمایانەی کە دەسەڵاتی سیاسیان لە باشووری کوردستان لەسەر بناکراوە، هەر پرۆژەیەك بەبێ قەبوولکردنی پارتی و سەرۆکەکەی زۆر ئەستەمە، بەڵکو ئەسلەن مموکنیش نیە، تێپەڕ ببێت.

بە هەر حاڵ ئەوەی جێگەی سەرسورمان و بگرە نیگەرانیشە ئەوەیە کە لە لایەنی یەکێتیەوە ماوەیەکی زۆرە نەك هەر باس و خواس دەکرێ لەسەر چاکسازی بەڵکو پێشوەچوونەکانی پەیوەست بەو رەوتەی نەوشیروان مستەفا گرتیە بەر و سەرهەڵدانی رەگ و زۆر شتی تر ئاماژە و هێمای ئەوە بوونە کە باس و خواسەکان بۆ چاکسازی تا ئێستا هەر لە ئاراستەی یەکێتیەوە هاتوون بەڵام لە ئاراستەی پارتیەوە کەم تا زۆر باس لە پرۆژەی چاکسازی دەسەڵات نەکراوە. ئەم حاڵەتە نەك هەر بەرەورووی چاودێرانی سیاسی دەبێتەوە بەڵکو، بۆ نموونە، بە جدی بەرەورووی خودی پرۆژەکەی

مـام جـەلال و هــەر هـەوڵێکی یـەکییێتی بـۆ چاکسـازی دەبێتـەوە. دواجـار تـۆ چاکسـازی لـە پانتاییـەکی سیاسـیدا دەکـەیت کـە پـارتی تیایـدا نـەك هـەر بەشـدارێکی کـارای سیاسـیە، بەڵکو بگرە بە زووربەی پێوەر باڵادەستیشە. . .

بــە هــەر حــاڵ گــەر پەرلــەمان دەســتیش بــەرێت بــۆ مەســەلەی چاکســازی سیاســی سەرانســەری ئــەوا زۆر گرنگــە خــاڵی دەســتپێکردنی پێــزانین بێــت بــە هــەموو ئــەو هەوڵانــەی کــە تــا ئێســتا دراون بــە ئاراســتەی چاکسـازی. ئەمــە کــارێکی دیموکراسـیانەیە و هێمایەکــە کــە هــەموو هەوڵــەکان ،دەخوێندرێنــەوە و حسابیشــیان بــۆ دەکرێــت. بــەم شــێوەیە هەمووﻻیــەنێك دەبــن بــە خــاوەن پرۆژەکــە و هەموشــیان لــە بەرپرســییێتی ســەرکەوتنیەوە دەگلــێن و بــەو مانایــەش چاکســازی سیاســی تــەواوی پانتــایی سیاســی دەگرێتـە خـۆ؛ بـەم شێوەیەش تـەواوی چاکسازی لـە پانتـایی سیاسـی نەتـەوەدا، نـەك هـەر هی تاقمێك یا حزبێك، دەگرێتەوە.